

## گوڵی دێو

هەمیشە گوڵەکان ناسك و بچووك و خنجیلانەن، بەڵام ئەو گوڵە لە ڕێسای ئاسایی خۆی دەرچووە و بۆتە گوڵی دێو، کە لە چاو گوڵێکی ئاساییدا وەك دێوێك وایە، ئەو گوڵە ناوی (رافلیسیا)یە و لە دارستانەکانی ناوەڕاستی کەنداوی سۆماترا لە وڵاتی ئەندەنووسیا دەڕوێت، گوڵێکی خۆڕسکە و بۆنێکی ناخۆشی هەیە، هەروەها تیرەکەی لە مەترێك زیاتر ە و بە گوڵی دێو دەناسرێت، چونکە شێوەیەکی زەبەلاح و گەورەی هەیە و تا ئێستا گەورەترین گوڵە کە دۆزرابێتەوە، تەمەنیشی کورتە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا دەڕوێت و پاشان بە بۆنێکی ناخۆشەوە دەمرێت، دەمێکی گەورەی هەیە کە بە بەردەوامی کراوەیە و زیاتر لە ڕەنگی سوور و زەرد و پرتەقاڵی دەردەکەوێت.



## ماسییەک بە ١,٨ ملیۆن دۆلار

کەسێکی ژاپۆنی خووی بە ماسی تۆنەوە گرتووە، لە هەر شوێنێك ماسییەکی گەورەی تۆنە راو بکرێت، ئەو ئامادەیە بە پارەیەکی زۆر بیکڕێت، ئەو پیاوە ناوی (کیوشی کیمۆرا)یە کە لە یەکێك لە چێشتخانە بەناوبانگەکانی سووشی لە ژاپۆن چێشتلێنەرە و زۆربەی خواردنەکانی لە گۆشتی ماسی و گیانداری دەریایی پێکهاتوون، ئەو چێشتلێنەرە کاتێك کە بیستی ماسییەکی تۆنە راوکراوە کە کێشی (٢٧٦) کیلۆگرامە، خێرا خۆی گەیاندە راوچیی ئەو ماسییە زەبەلاحە و لە مەزادێکی ئاشکرادا بڕی (١,٨) ملیۆن دۆلاری بەو ماسییە دا، هەمان کەس ساڵی پاریش ماسییەکی تۆنەی بە نرخی (٣) ملیۆن دۆلار کڕی. ئەوچێشتلێنەرە بەناوبانگە تەواوی گۆشتی ئەو ماسییە زەبەلاحانە بۆ کەسایەتییە بەناوبانگەکانی جیهان ئامادە دەکات و بە نرخێکی زۆر پێیان دەفرۆشێت.







## مۆدە نەشیاوەکان


لە جیهاندا ڕۆژانە بەرهەم و کەرەستەی تازە لە بواری جلوبەرگ و جوانکاریدا نمایش دەکرێت، ئەو مۆدانە بە تازەترین دیزاین و بیرکردنەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەوانیش هەندێ جار دەکەونە بەر ڕەخنە و گلەیی ئامادەبووان و ڕۆژنامەنووسان و خەڵك، لە ساڵی ٢٠١٩ نەشیاوترین مۆدەکان لە ماڵی بربڕی بۆ فاشیۆن نمایش کران، کە بریتیی بوون لە کراسێکی درێژی مارکەی (ریکاردۆ تیسی) کە لەلایەن خانمە دیزاینەر (لیز کیندی) لە شێوەی قوتووی خواردنەوە گازییەکان ئامادەکرابوو، یەکێك لە جلەکانی لە شێوەی ریش و سمێڵ و تا سەر دەم و لووتی نمایشکاران بوو، کە ئەویش بەرهەمەکەی بووە جێگەی نیگەرانی، پێڵاوی روخسار کە پێڵاوێکە وێنەی چاو و لێوی لەسەرە ئەویش بە نەشیاوترین مۆدە دانرا، هەموو ئەوانە و چەندینی دیکە بەهۆی ڕەخنەی زۆرەوە بەرهەمەکانیان لە بازاڕ کێشاوەوە.






# بازاڕ و دووکانەکانی جارانی دەوروبەری قەڵای هەولێر

شاری هەولێر بە بازاڕە ناودارەکەی بەناوبانگە و ڕۆژانەش بەشێکی زۆری خەڵك بە مەبەستی شت کڕین و گەڕان و پیاسەی ناوشار ڕوو لەو بازاڕە دەکەن، جارانیش چەندین دووکانی بەناوبانگ هەبوون و لێرەوە دەکرێت ئاماژەیان پێ بکەین، کە بریتی بوون لە: سەرەتا لە دەرگای لای چایخانەی مەچکۆ تا دەگاتە ئەو دەرگایەی لای مەحکەمەی کۆنی هەولێر هەمووی دووکان بوون، یەکەم دووکانیش شوێنی دارتاشیی (مام بەلال و مام عەباس) بوو، لە دوای ئەوانیش سەرتاشخانەی (نەسرەت حەلاق و ڕەفعەت حەلاق) بوون، لە دوای ئەوان چەرەزاتفرۆش هەبوون و دواتریش دووکانی (ئیبۆ بەربەر) کە جگە لە سەرتاشی دەستێکی باڵای لە چارەسەرکردنی سووتان و سوننەتکردنی منداڵاندا هەبوو، لەوێشەوە بەرەو ناوەڕاستی شەقامەکە مەیفرۆشێکی لێ بوو تەنیا جۆری (مستەکی و موسەیەح)ی دەفرۆشت، ئەوەی تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بوایە، پێیان نەدەفرۆشت. هەندێکی دی دەرۆیشتی کتێبخانەی (ئەلعەسکەری) هەبوو، کە هەر بە ناو کتێبخانە بوو، مام عەبوڵا پایسکلچیش هەبوو، بریکاری پایسکلی (الحدباء) بوو کە باشترین پایسکل بوو. لەو شوێنەی ئێستای پەیکەرەکەی (گیوی موکریانی) چاپخانەی لێ بوو، کۆتادووکانیش وێنەگری (النیل) بوو، لای دەستی چەپی چایخانەی مەچکۆ (تۆمارگای هەڵمەت)ی لێ بووە و لەوێش بەولاوە هەمووی دووکان بووە. کارگەی (ساڵح سیفۆن) یش لەوێ بووە و لە تەك ئەو دکتۆری ددانساز (دکتۆر ڕەووف) نۆرینگەی هەبووە، لەویش بە دواوە چایخانە و دووکانی (مامە خەیات) و کەمال حەلاق تا دەگەیشتە ئەو سەر دووکانی (وەستا جەودەت حاجی ئەسعەد)ی لێ بووە کە بەرامبەر گەرماوی (عەلی ئاغا) بووە. جاران هەموو ئۆتۆمبێل و ئامانەکان هەربەو شەقامەدا هاتوچۆیان کردووە کە (شەقامی موزەفەریە)یە، بەڵام کە شار قەرەباڵغ بوو، حکومەت فەرمانی تێکدانی ئەو دووکانانەی دەرکرد، کە کەوتبوونە نێوان چایخانەی مەچکۆ تا دەگاتە دەرگای باکووری قەڵا، بەردەم چایخانەی مەچکۆش بەرزایی بووە و ئەویش لەگەڵ ئەو ماستەرپلانی نۆژەنکردنەوەی بازاڕ، ئەو بەرزاییەش نەماوە. بۆ پەڕینەوەش شارەوانی چەند شوێنێکی دیاری کردبوو، کە بە بۆیاغی سپی نیشانیان کردبوون، هەرکەسێك پابەند نەبوایە بە شوێنی پەڕینەوە (٥٠٠ ) فلس واتە (نیو دیناری ئەوکات) غەرامەیان دەکرد.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە، باس لە بوونی تۆڕەکانی ئینتەرنێت و مۆبایل دەکات و بەماڵێك وەسفی دەکات بۆ ئەوانەی کە ڕۆژانەی ژیانیان لە تۆڕەکاندا بەسەر دەبەن.

## نوکتە

ژنێك بەپیاویکەی دەڵێت: پیاوەکە ئەگەر ڕۆژێك شێت بوویت، ژن بەسەر مندا دەهێنیتەوە؟ پیاوەکەش دەڵێت: ژنەکە ئەو کاتە من کەسێکی شێتم و خۆت دەزانی شێتیش هیچی لێ ناگیرێت!



# بیرکردنەوە و فەلسەفە

**فەیلەسووفەکەی میلیت**

ئەو کەسەی کە وەك یەکەمین فەیلەسووف ناویمان بەرگوێ دەکەوێت، (تالیس)ـە و خەڵکی (کۆلۆنی میلیت)ی یۆنانە، ناوچەیەکە کە دەکەوێتە ئاسیای بچووك، تالیس گەشتی زۆری بە دەوری جیهاندا کردووە، هەر بۆیە لەو بڕوایەدا بوو «ئاو» سەرچاوەی هەموو شتێك بێت، بەڵام بە تەواوەتی نازاندرێت مەبەستی لەو قسەیە چی بووە؟ ڕەنگە مەبەستی ئەوە بوویێت کە هەموو ژیان لە ناو ئاودا دروست دەبێت و دیسانەوەش لە کاتی فەوتاندا دەبێتەوە بە ئاو. ئەو فەیلەسووفە لە کاتی گەشتەکانیدا لە وڵاتی میسر سەرەنجی لە کێڵگەکان داوە و ناوچە وشکەکانی دەلتای نیلی بینیوە، کە لە پاش باران گژەگیای تێدا سەوز بووە، لەوانەشە لە هەندێك جێگادا سەرهەڵدانی کرم و بۆقی بینیبێت، یان بیری لەوە کردۆتەوە کە ئاو دەبێتە سەهۆڵ و هەڵم و سەر لە نوێ دەبێتەوە بە ئاو. بەدەر لەمەش تالیس دەیگوت « هەموو شتێك پڕە لە خودا » دیسانەوە لێرەشدا ڕەنگە خاکی ڕەشی وەك سەرچاوەی هەموو شتێك بیبینێت، یان گوڵ و دانەوێڵە تەنانەت مێشوولە و سیسرکی بینینێت و ئەندێشەی چووبێتە سەر زەوی، پێدەچێت بە بڕوای ئەو زەوی پڕبوویێت لە «تۆوی ژیان» ی بچکۆڵە و نەبینراو.

# گیانداران و وێنەی سێلفی

وێنەی سێلفی ساڵانێکە دەرکەوتووە و لە ناو خەڵکدا بۆتە نەریتێکی باو، هەروەها ڕۆژانە بە سەدان ملیۆن وێنەی سێلفی دەچرکێندرێت، لە ئێستاشدا وێنەی سێلفی هەر تەنیا کاریگەریی لەسەر مرۆڤ نییە، بەڵکو گیاندارانیش ئەو دەردەیەیان وەرگرتۆتەوە. لە باخچەکی ئاژەڵانی وڵاتی تایلەند پاندایەك هەیە کە بە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر وێنەی سێلفییان لەگەڵدا گرتووە، ئێستا خۆی فێر بووە و داری سێلفی بە دەستەوە دەگرێت و وێنە دەگرێت، ڕەفتاری سەرنجراکێشەی ئەو پاندایە، وایکردووە کە خەڵك بەردەوام سەردانی بکەن و وێنەیەکی سێلفی بە دەستی خۆی لەگەڵدا بگرن، ئەو پاندایە تەمەنی (١٢) ساڵە و تا ئێستا بە تەنیا لە نێو ئەو باخچەی ئاژەڵانەدا ژیان بەسەر دەبات.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

سەرقاڵی ژیانی خۆت بە و ئەو کارانەی لەسەرتە بە جوانی جێبەجێیان بکە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشت فەرامۆش مەکە، هەر چەندە کەسانێکت لەبیر کردووە کە تۆیان خۆش دەوێ، بەڵام دڵنیابە ئەوان تۆیان لەیاد نەکردووە و هەمیشە یادت دەکەن، ئایندەی کارەکانیشت پەیوەستە بە زیرەکی و کەڵکوەرگرتن لە پەیوەندییەکانت.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

یاری بە ژیانت مەکە و گرنگی بە پێگەی خۆت بدە، نهێنییەکانت بپارێزە و خۆت لە کێشە بە دوور بگرە، ئەم ماوەیە زیاتر دەکەویتە بەر دیدی دۆست و هاوکارانت و ڕەنگە لە کۆڕێك، یان گردبوونەوەیەکی گرنگدا بەشداری بکەیت و ببیتە جێی بایەخ و سەرنجی دەوروبەرەکەت، بیرکردنەوە و گرنگیدان بە کات هیز و توانایەکی باشترت پێ دەبەخشێت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هەوڵی بەدیهێنانی خەونەکانت بدە و دووبارە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی پێشووت هەنگاو بنێ، بە دوورکەوتنەوە لە لۆمەی خۆت و دوورکەوتنەوە لە گۆشەگیری گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن و باری دەروونیت تا ڕاددەیەك باشتر دەبێت. ئارام بگرە و دڵتەنگ مەبە، دڵنیابە باری داراییت و داهاتووشت باشتر دەبێت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

مەهێڵە کەسانێك یاری بە ئایندە و چارەنووست بکەن و ژیانت تێك بدەن، کەسایەتیت بپارێزە و خۆت فەرامۆش مەکە، خۆشت بە شتی بچووك و بێبەهاوە سەرقاڵ مەکە، پێویستە کار بۆ ئایندەی خۆت بکەیت و لە ڕابردوو دووربکەویتەوە، بەخت یاوەرتە و بەم زووانە خۆشی ڕووت تێ دەکات و خەمەکانیشت کەم دەبنەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

کەسێك پێویستی بە هاوکاریی تۆ هەیە، تۆش هەوڵبدە لە چارەسەرکرنی کێشە و گرفتەکانیدا هاوکاریی بکەیت، کارەکانی خۆت بە جوانی بەڕێ بکە و ئەوەی پێویستە بۆی بکە، بێ ئومێد مەبە، چونکە بەم زووانە دەرفەتێکی دیکەت بۆ دێتەپێش، ئەگەر کەمێك بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکەیت، سەرکەوتن بەدەست دەهێنیت .

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

کەسێکی نیازپاکی و هەندێ جار تووڕەبوونت کێشەت بۆ دروست دەکات، پێویستە هێمن و لەسەرخۆ بیت، ئەم دوودڵیء ڕاڕاییەت هیچ لەجێی خۆی نییە و ئەم ترسەت لەخۆڕاییە، ئامۆژگاریی کەسانی ناو خێزانەکەت زۆر بەسوود دەبێت بۆت، پێویستە گوێ لە قسەکانیان بگریت و خۆت لە خۆپەرستی بپارێزە.

# پوختەی فیلم




**Mulan – مولان**

فیلمێکی دراما و مێژوویییە و باس لە کچێك دەکات، کە دەچێتە نێو سوپای ئیمپراتۆری وڵاتەکەی بۆ پاراستنی باوکی، کە پاشای وڵاتەکەیە، بەپێی فیلمەکە ئەو کچە لە جەنگەکانی باکووری وڵاتی چین کاری تازە و جیاوازی لە بواری سەربازیدا دەکات و خۆی وەك پیاوێك نیشان دەدات، فیلمەکە لە فەرەنسا وێنەی گیراوە لە دەرهێنانی (نیك کارۆ)یە و بودجەی فیلمەکە (٣٠٠) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (دۆین یەن، جیت لی، گۆنگ لی، یۆسۆن ئان، جەسیۆن سکۆت لی)یە.

# گەورەترین ژەمە خواردنی سووشی




ژاپۆن یەکێکە لەو وڵاتە پێشکەوتووانەی کە ئێستا لە ریزبەندی دە یەکەمەکانی وڵاتانی جیهاندایە لە رووی پێشکەوتن و کاری تازە و شارستانییەتەوە، سووشی یەکێکە لەو خواردنە بەلەزەت و خۆشانەی کە لە جیهاندا بەناوبانگە، بەشێکی زۆری ئەو خواردنە لە گۆشتی وردە ماسی و گیانداری دەریایی ئامادە دەکرێت، زۆر بەتامە و نرخیشی گرانە و بە هەموو کەسێك ناکردرێت، شێفێکی ژاپۆنی بە ناوی (هیرۆمی ئیناجاکی) توانی گەورەترین پارچە سووشی دروست بکات، بە جۆرێك کە هەندێك پارچەی بچووکیشی دروست کردووە کە هێندەی سەری کەوچکە چایەك دەبێت، خاوەنی چێشتخانەکە ناوی (سوشیزانمای چەین)ە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو سووشییە گەورەیە وەك دیارییەك پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.



## پەند و وتە

مارگرێت ئاتوود، نووسەر و شاعیری کەنەدی، لە ساڵی (١٩٣٩) لە ئۆتاوە لە کەنەدا لەدایکبووە، چەندین بەرهەمی شیعر و نووسینی هەیە، مارگرێت دەربارەی پیاو و ئافرەت دەڵێ: ترسی پیاوان لە ئافرەتان بۆ گاڵتەپێکردن دەگەڕێتەوە، بەڵام ترسی ئافرەتان لە پیاوان بۆ کوشتنی ئافرەتان بە دەستی پیاو دەگەڕێتەوە.



## فێڵکاری وێنە

لەم وێنەیەدا دوو کەس هەن، کە هەر یەکێکیان بە جۆرێك دانیشتووە، وێنەکەیان شێواندووە، هەوڵبدە لە ماوەی (١٥) چرکەدا راست و دروستیی وێنەکە بزانیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بریار لەسەر جێبەجێکردنی هەنگاوەکانت بدە و ئەوەندە دوودڵ مەبە، ئەم ماوەیە سەرقاڵیت و ئەگەر بەرنامەڕێژی بۆ کارەکانت نەکەیت، کاتێك بە ئاگا دێیتەوە، لە نێو کۆمەڵێك کێشەدایت، هەوڵ مەدە رای خۆت بەسەر کەسانی دەوروبەرتدا بسەپێنی، لەوانەیە ئەمە زیانت پێ بگەیەنێت و گلەییء گازاندەی هاوڕێکانت لە سەرت زیاد بێ.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

وازهێنان لە هەندێ نەریتی خراپت ژیانت بەرەو باشتر دەبات، هەوڵبدە نزیکی خەڵك بیت و ئەوەندە دوورەپەرێز مەبە، رەنگە دیدار و چاوپێکەوتنێك زۆر شتی گرنگ و چاکی لێ بکەوێتەوە و بۆ داهاتووشت بەسوود بێت، لە بواری سۆزدارییەوە هەواڵی خۆشت پی دەگات، ئەم هەلە باش بقۆزەوە و هەوڵبدە بوونی خۆت بسەلمێنیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەم ماوەیە بەهۆی زیادبوونی ئەرکەکانت بێزاریت پێوە دیار دەبێت، بەڵام پاش ماوەیەکی دیکە بەرەو هەنگاوێکی چاك رێگە دەگریت، بە بیرکردنەوە لەو زەرەرو زیانانەی کە پێشتر لێت کەوتوون، کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە، بەڵکو هەوڵبدە هەنگاوەکانت خێراتر بکەیت و بەرەو ئامانجەکانت رێگا بگریت، دڵنیابە بەخەونەکانت دەگەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

پێویستە زۆر بە وریاییەوە هەنگاو بنێیت و خۆت تێکەڵی کێشەو گرفتی کەسانی دیکە نەکەیت، ئەگەرنا ژیانت تێك دەچێ و ماوەیەکی ناخۆش بەڕێ دەکەیت، هیوای ئێستات بۆ داهاتوو گەورەیە و دڵنیابە لەگەڵ بیرکردنەوەی دروست جێبەجێ دەبێت، رەنگە کێشەی خێزانی بێتە رێت، ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کۆتایی پێ دێت و خۆشی لە دەرگات دەدات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کەسێکی دوودڵیت و دەترسیت هەنگاو بنێیت، بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی هەنگاوەکان کارەکانت بۆ ئاسان دەبن، ئەنجامی ئەم جموجۆڵەی ئێستات روون نییە، بۆیە پێویستە بە پلان کارەکانت جێبەجێ بکەیت و دووبارە بە بەرچاوڕوونییەوە هەوڵی بۆ بدەیتەوە، کارەکانت پێویستیان بە بەدواداچوون هەیە و تۆش فەرامۆشیان مەکە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسێکی نزیکت دەیەوێت کێشەت بۆ دروست بکات، تۆش بە هێمنی بەرگری لە خۆت بکە و مەهێڵە بە خراپی سوود لە دڵپاکیت وەربگرێت، تۆ بەوە بەناوبانگیت کە نهێنیت لای کەس نادرکێنیت، هەر بەو شێوەیە بمێنەوە و پارێزگاری لە پێگە و کەسایەتیی خۆت بکە، ئەگەر بە وریاییەوە هەوڵی ئەنجامدانی کارەکانت بدەیت، ئایندەت روون دەبێت.